# یاد کردنەوەی رۆژی جیهانی ژن لە لەندەن!

ریکخراوی مافی ژنی کۆرد ـ مافی مروڤ لە ئیوارەی روژی هەینی ٤ی مانگی مارسی ٢٠١١ پێشوازی کرد لە سەدان هاوولاتی کۆرد لە شاری لەندەن بۆ بەرز راگرتنی ٨ی مارس روژی جیهانی ژن.

سەرەتا بەرنامەکە بە یەک خۆلەک بێ دەنگی دەستی پێ کرد بۆ ریز گرتن لە گیانی پاکی هەموو گیان بەخت کراوانی ریگای ئازادی و یەکسانی خۆازی. پاشان چیمەن رەحیمی پیشکەش کاری کۆرەکە لە دەسپێکی بەرنامەکە دا، ناسنامە و میژوی  ریکخراوەکە و ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو ریکخراوەیەی خستە بەر دەستی ئامادە بوان و هەروەها بە ۆتاریکی کۆرت، ئاماژەی بەوەدا کە هۆی چیە هەموو سالێک بەشیک لە ژنانی دنیا یادی ئەم روژە دەکەنەوە؟ لە بەشیک لە قسەکانی دا چیمەن وتی:'' یادکردنەوەی روژی ٨ی مارس بوەتەی هێمای ریز گرتن لە دەسکەوتەکانی ژنان لە بوارەکانی سیاسی، ئابوری و کۆمەلایەتی لە رابردوو، و پاڵپشتی کردن لە هەموو ئەو ژن و پیاوە قارەمانانەی کە بەردەوامن لە خەبات و تێکۆشانیان بۆ باشتر کردنی ژیانی مروڤایەتی، و بۆ بنیادنانی کۆمەلگایەکی مدرن، پێشکەوتوو خواز و دوور لە هەموو چەشنە نادادپەروەریکی رەگەزی. دەبێت ئەو خالەش لە بیر نەکەین کە ئەم هەول و تیکۆشانە لە دژی پیاو نیە بەلکوو دژی پیاوسالاریە''.

لە بەشێکی تری بەرنامەکەدا بەریز ناهید رەحیمی کۆرتە باسێکی پیشکەش کرد بە ناو ژن و پێگەی سیاسی و کۆمەلایەتی. ئەو لە باسەکەیدا ئاماژەی بەوەدا کە ئەگەر پیاوسالاری هەولی ئەوە ئەدات ژنان لە پۆستە هەستیارەکان دوور بکەۆنەوە ئەمە سوچ و گۆناهی پیاو نیە وەکوو تاکە کەس، پاشان بە بەرز نرخاندنی تیوری 'رەگەزی دووهەم' ی فیلەسفوفی بەناو بانگی فەرانسەوی خاتو سیمۆن دوبوئار لە دریژەی باسەکەدا وتی '' پرسیار ئیستا ئەمەیە کە دەبێت چی بکەین بۆ ئەوەی تیوری یەکسانی رەگەزی بکەین بە کردەوە؟ چۆن دەتوانین بە کۆمەلگایەکی شارستانی و یەکسانی خواز بگەین؟ ئەرکی سەر شانی دەسەلات و یاسا لەم پیوەندیەدا چیە؟........''

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە وتاریان پێشکەش کرد، بەریزسەردار ئەمین بوو،کە لە باسەکەی بە ناو و نیشانی 'کۆمەلگای دایکایەتی'، تیشکی خستە سەر ئەوەی ''چەن سەدە پیش ئیستا کاتێک ژنان کۆمەلگایان بەریوە دەبرد، چ جیاوازیگەلێک هەبوو بە بەرئاورد لە گەل جیهانی باوک سالار، و هەروەها وتی ژن لەو سەردەمانەدا خۆی بە بێچوی زەوی دەزانی و هەموو مروڤایەتیشی وەکوو بێچو و مندالی خۆی چاو لێ دەکردو هەر بەو بۆنەوە هەستی دایکایەتی بوو بو هەموو ئینسانەکانی ناو قەبیلەکەی خۆی''

لە کۆتایی بەشی یەکەمی بەرنامەکەدا بەریز پرشنگ بلوری لە گەل یادکردنەوەی چەن کەسێک لە هاوریانی گولەباران کراوی، بەشێک لە بیرەوەرییەکانی خۆی پیشکەشی ئامادەبوان کرد کە سەبارەت بوو بە سالانی ئەشکەنجە و ئازارلە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران و لە روژهەلاتی کۆردستان.

ناو بە ناو شێعر و هۆنراوە پیشکەشی ئامادەبووان دەکرا.

بەریز پێشرەو نامۆ بە **Power Point**، ویدیۆیکی ئامادە کردبوو لە سەر ئەو ژنانەی تا ئیستا خەلاتی نۆبڵیان پێ بخشراوە کە لە بەر کەمی کات ئەم جارە پیشکەش نەکرا.

پاشان لە بەشیکی تری ئیوارەکەدا گورانی، ئاهەنگ و ساز و ئاواز شەوەکەی رازاوەتر کرد و ئامادەبووان بە هەلپەرکێ و شای بەشداریان کرد لەم بەشەدا، و یادی ٨ی مارسیان بەرز و پیرۆز راگرت. بەریزان ئۆمید شەریفی، مەنسور ئیزەدپەناە، ئارام تەها و زانا سالّح (زانا تار) هۆنەرنەمائیان کرد و خانم فرمێسک مەریوانی بە دەنگە پر سوزەکەی گۆرانییەکی پیشکەش کرد.

رێکخراوی مافی ژنی کورد- مافی مرۆڤ رێکخراوێکە کە کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژنی کورد و تیشک خستنە سەر ئەو زوڵم و زۆرەی بەرەو رووی ژنی کورد دەبێتەوە بەگشتی و ژنی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.









